ئەگەر ئانا ڕۆژێك لە كاتی خۆیدا نەگەڕێتەوە ماڵەوە دایكی ئارامی لەبەردەبڕا،ئانا لەو ڕووەوە زۆر گوێ ڕایەڵ بوو ..هەمیشە لەكاتی خۆیدا دەگەشتەوە ماڵ ..دایكی تەلەفوونی بۆ مامۆستاكەی كرد ..مامۆستاكەی شڵەژا



{بۆچی ئانا هێشتا نەگەراوەتەوە ؟} ئەم پرسیارەی بەسەرسوڕمانەوە كرد ..وتی:

{خۆ لە قوتابخانەش نەبوو !!!!!!!وام زانی ......................}

مامۆستا قسەكەی تەواو نەكرد و دایكی ئانا پرسی:

{ئەی بۆ كوێ چوبێت و بە بڕوای تۆ لە كوێ بێت ؟!!!!!}

دایكی ئانا ترس لە گیانی نیشت ،مامۆستاكەی سەری لەو حاڵە دەرنەدەچوو ،بۆیە مامۆستاكەی بە باشی زانی لە قوتابی‌یەكانی هاوڕێی ئانا بپرسێت.. بۆ ئەوە چەند وەلامێكی دەست كەوت ..یەكێك دەیووت نەخۆش بوو بۆیە لە قوتابخانە نەمایەوە ..یەكێك شتێكی تر.

ئەو نیوەڕۆیە هەموویان لە ئانا دەگەڕان ،لە پێشیانەوە دایكی ،باوكیشی دوای گەڕانەوەی لەكار و گەشتنە ماڵەوە یەكسەر كەوتە سۆراخ..بەلام دۆزینەوەی ئانا سەخت بوو ، هیچ كەس ئانای نەدیبوو


،کەس نەیدەزانی لە کوێیە ..دونیاش بەرەو تاریکی چووبوو پێیان وابوو باشترە کە پۆلیس ئاگادار بکەنەوە .

-9-

ئانا تەواوی ڕۆژەکە لە باخچەکەدا بوو ،ڕووبەڕووی کەس نەدەبۆوە..ئاوهاش زۆر خراپ بوو ..بڕیاریشی دابوو گەر کەسێك دەربکەوێت ئەو بچێتە پشتی دارەکان و خۆی بشارێتەوە ،لەڕاستیدا ئانا کارێکی باشی نەکرد بوو باشتر بوو بگەڕایەتەوە بۆ ماڵەوە ،بچێتە دەرەوە و لەکەسێك بپرسێت چۆن بڕواتەوە ..بەلام ئانا ئەمەی نەکرد،لەباخچەکەدا مایەوە گەر بگەڕایەتەوە ئەوانیش هێمن دەبونەوە ، چونکە کەس و کاری ئانا بە نادیاری



ئانا دڵگرانن.. دەبوو ئانا ئەوە بزانێت کە ئەوان چەندیان خۆش دەوێت..ئەوەی هیچ کات بیری ئانای نەکردبوو تامەزرۆی پرسیارکردن بوو لە ئانا .. دەیانوت :
ئەبێ ئێستا لە کوێ مابێتەوە ؟ نەیان دەووت (کوا کچە قەڵەوەکە ..بە تەنها دەیانوت ئانا ..ئانا و بەس.



-10-

برسێتی وای لەئانا کردبوو لەبەرخۆوە دەدوا..چووە سەر کورسی‌یەکە و دانیشت ،جانتاکەی ڕاکێسا و پارچە نانێکی پێ بوو دەری هێنا ..زۆری پێ نەچوو هەستی بە برسێتی کردەوە ،سکی قۆڕەی دەهات ،هەستی کرد ئەوەی خواردی بەشێکی کەمی خواردنی ئانایە کە بەشێکی کەمی سکی پێ تێر نەبووە ..لەناکاو پیاوێکی پیری بینی هاتە لایەوە و لەسەر هەمان کورسی لەپاڵیدا دانیشت ،ڕووی لە ئانا کرد و بە هێمنی‌یەکەوە ووتی:

{سڵاو ...}..سەیری ئانای کرد هەستی کرد ئانا لە سەرمادا هەڵدەلەرزێت..پێی ووت {ئەوە سەرماتە؟}

ئانا سەری لارکردبۆوە وبە ماتی یەکەوە لە پیاوە پیرەکەی دەڕوانی ..پیاوەکە جارێکی تریش پرسی :

{هەرخۆتی لێرە یان لەگەڵ کەس و کاردایت؟} بەسەر وەڵامی دایەوە وەك ئەوەی بڵێت بەڵێ بەڵام نقەی لێوە نەهات ..چونکە نەیدەویست قسە بکات ،گەر ئەزیزترین کەسیش لەپاڵیدابووایە نەیدەتوانی ئانا بهێنێتە قسە

پیاوەکە دیسانەوە پرسیاری لێ کردەوە :
{ناچیت بۆ قوتابخانە ؟}
ئانا سەرێکی بۆ بادا و وەك ئەوەی بڵێت نەخێر ناچم و ناشمەوێت بچم ،پیاوەکە سەری سوڕمابوو لە بێدەنگی



ئەم منالە ،لە زەرفەکەی دەستیدا نانەکەی دەرهێنا و پارچە پارچەی کردوو هەڵی دا بۆ کەناری ئاوەکە بۆ ئەوەی کە قاز و مراوییەکان هاتن هەڵی بگرن و بیخۆن..کە هەمووی لەوێدا بۆ فڕێ دان ئیتر خۆی ڕۆشت ..دووایین کات سەرنجێکی پڕ سەرسوڕمانی لە ئانا دا و هیچی نەووت و لە باخچەکە چووە دەرەوە .
کە ئەو ڕۆشت ئانا بە پەلە لە دوای ڕۆشتنی ئەو هەستا بەرەو قەراغی ئاوەکە ڕۆشت ..لە نێوپارچە نانەکانداپارچەیەکی گەورەی بینی و هەڵی گرتەوە و بردی بۆ دەمی ..تەواوی کرد ..دڵنیاش بوو هێشتا هەر تێرنەبووە ،پێدەچێت دوای چەند دەقیقەیەکی تر برسێتی تینی بۆ بهێنێتەوە ،چونکە ئەوە برسێتییە وات لێ دەکات لە کاتێکی وادا هەموو ئەو شتانەی هیچ کات ئارەزووشت لێ نەکردوون بێ گوێ دانە ئارەزوو یان خۆشی و ناخۆشی بیان خۆیت .




نیوەڕۆ باران دایکرد ..ئانا بۆ شوێنێك دەگەڕا کە خۆی لە بارانەکە بپارێزێت ..دیقەتی دا لەوپەڕی ئاوەکە لە سوچێکدا دوو خانووی زۆر زۆر بچووك کە لە شێوەی کولانە سەگ یان پشیلە دەچوو دروست کرابوو ،بەپەلە ملی نا بەرە و ئەوێ بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە ئەوێ و تەڕنەبێت ..کە گەشتە بەردەوازە بچوکەکە خۆی بچوك کردەوە و ملی داگرت و چووە ناو خانووە بچوکەکە ،گەرچی شوێنەکە زۆر نزم و ناخۆش بوو بەڵام بۆ ئەو لەوە باشتر بوو کە لەبەر بارانەکە بمێنێتەوە و تەڕ بێت ،بۆیە چووە ناوەوە و جانتاکەشی ڕاکێشایە ناوەوە ..هەستی کرد زۆر دەمێك بێت کەس نەچوبێتە ئەوێ و تۆز و خۆڵ دیوارەکانی گرتبوو ..جانتاکەی هێنایە پاڵ خۆی وەك بیەوێت ڕاهێنانەکانی سەیر بکات

بەڵام بۆ ئەوە نەبوو چونکە هەم تاریك بوو ،هەم برسێتی بێتاقەتی کردبوو ..لە پارچە نانێك دەگەرا لە نێو جانتاکەیدا ،هاوکات چەند جێگاکە بچوك و ناخۆس بوو بەڵام لەوە باشتر بوو کە لەدەرەوە باران لێی بدات و تەڕ بێت ،جا ئەو کات هیچ دوور نییە نەخۆش بکەوێت .

ئانا لەپڕ هەستی کرد دڵۆپە باران لەنێوان درزەکانەوە دزەیان کردووە و هاتونەتە ناو خانووە بچوکە کە ،زۆر ماندووش بوو گەرچی خەو پەلکێشی دەکرد بەڵام نەیدەویست بخەوێت ،بەڵام خەون شکستی بە توانای ئانا دا داو خستییە قوڵترین خەونەوە .

-12-

لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە وێنەی ئانا بڵاوبۆوە و بینرا،{چی ..خۆ ئەوە ئانایە.!!!!!} ئەمە قسەی بەشێکی زۆری هاوڕێکانی بوو کاتێك ئانای بینی لە تەلەفزیۆنەوە ،باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد کاتێ وێنەکەیان بینی سەرسام ببونگوێیان هەلخست بۆ ئاگاداریەکەی کە خوێندرایەوە ..{پۆلیس لە سۆراخ و بەدواگەڕانی ئەم کچە تەمەن هەشت ساڵەدایە کە ناوی (ئانا ڤاندامە )و قوتابی قوتابخانەی ماریکە وهەر کەس زانیاری هەیە سەبارەت بەم منالە تکایە ئاگادارمان بکات،وە شێوەی ئەم منالە چاوەکانی ڕەنگی شینە و قژی زەردباوە و منالێکی بە هێزە لە تەمەنی خۆیدا ،وە بۆ زانیاری زیاتر تایبەت بە جل وبەرگی عەزیەیەکی سووری لەبەردایە



جانتایەکی شینی پێیە ..گەر زانیاریتان هەبوو سەبارەت بەم وونووە دەتوانن پەیوەندی بکەن بە نزیکترین دەزگای پۆلیسی ناوچەکانتانەوە .}

منالانی هاوڕێی ئانا ئەبلەق ببوون دەیان ووت بلێی ئەمە ڕاست بێت ؟ هەرکەس کە گوێی لێ دەبوو هاواری دەکرد ئادەی بێدەنگ بن ..ئادەی ..خۆ ئەوە ئانایە و پۆلیس ئاگاداری لەسەر بڵاوکردۆتەوە ،پێ دەجێت بێت بۆ لای ئێمە ..هەریەکەیان وای پێشبینی دەکرد (هەریەکەیان کەس و کاری واتێدەگەیاند کە پێ دەجێت بێت بۆ لای ئەوان)بەلام ئەمە هەر دڵ خۆشکردن بوو چونکە ئانا هیلاکی ناوناتۆرەکانی ئەوان بوو ،هەندێکی تر دەیووت ئانا خۆی کەمێك ترسنۆکە بەلام جێی دڵگرانییە بەم

تاریکی‌یە ئانا لەدەرەوە ڕۆژبکاتەوە ..ئێستا چەند جار کەوتبێت و هەستابێتەوە؟ ،ئەی بەو بارانە دەبێت لەژێر چ سەرپەنایەکدا بێت ؟ چەند خۆش دەبوو ئەویش وەك ئێمە لە ژوورەوە گەرمەکاندا بوایە و سەرمای نەبوایە.

www.kurdistannet.org